# ئالودەبووان بە مادەی بێهۆشکەر سزا مەدەن قاچاخچییان زیندانی بکەن!

جمال محسن jamal_muhsin@yahoo.com

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا بە گوێرەی ڕاگەیاندنی ئاسایشی سلێمانی باندێکی گەورەی قاچاخچی مادە بێهۆشکەرەکان دەستگیر کراوە. گوایە ئەمە گەورەترین باندە لەچاو ئەوانەی کە تا ئێستا لە کوردستان دەستگیرکراون. بەگوێرەی زانیاری ماڵپەری "پەیامنێر" کەلە سەرچاوەیەکی ئاسایشی سلێمانییان وەرگرتووە، ئەو باندە 19 کەسن بڕی 522 گرام تلیاکو 47 گرام حەشیشەو 94 کارتۆن حەبی ترامۆدۆڵو 200 لیتر ماددەی (ئەسیدیك ئەنهاید رایك) یان پێ گیراوە کە ئەم ماددەیەش کەرەستەی سەرەتایی دروستکردنی تلیاکو حەشیشەو تەقەمەنییە. هەروەها ئەو سەرچاوەیەی ئاسایش سەبارەت بەو کەسانەی لە شاری سلێمانی ماددە بێهۆشکەرەکان بەکار دەهێنن وتوویەتی: "ئەو کەسانەی کە ماددە بێهۆشکەرەکان بەکار دەهێنن(خەتی تەئکید هی منە) یان بازرگانی پێوە دەکەن، دەستگیر دەکرێنو بە پێی ماددەی (50)ی دەرمانسازیو ماددەی (14)ی ماددە بێهۆشکەرەکان سزا دەدرێنو ئێستاش چەندین کەسمان دەستگیرکردووەو ڕەوانەی دادگامان کردوون"*.

دەستگیرکردنی باندی قاچاخچیو بازرگانی مەوادی بێهۆشکەر، کارێکی پۆزەتیڤەو بێگومان نابێت ڕێیان بدرێ کۆمەڵگا بۆ مەرامی چاوچنۆکانەی خۆیان بەکاربهێنن.

بەڵام بۆ سەرنجدانێك لەو مەسەلەیە باشترە سەرەتا ئەوە بپرسین کە بۆچی لاوان یان کەسانێك هەن پەنا بۆ ماددەی بێهۆشکەر ئەبەن؟! لە کۆمەڵگایەکدا کە بێبەشیو بێمافیو نەبوونی ئازادیو نایەکسانی نێوان ئینسانەکان داغانی کردووە، لە کۆمەڵگایەکدا کە دینو پەنا بردن بۆ خورافە بوون بە ڕێگایەك بۆ دەربازبوون لە خەمەکانو... هتد هەندێك لەو ئینسانانەی کە مێشکیان شەوو ڕۆژ بە کێشەکانی ژیانی سەردەمەوە قاڵە بە داخەوە بۆ ڕاکردن لە کێشەکانیان پەنا بۆ بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەر ئەبەن. گرێوگۆڵو ئالۆزییەکانی ژیان پاڵ بەو ئینسانانەوە ئەنێ بۆ ئالودەبوون. ئەوە خودی ئینسانەکان نین کە لە خۆشیدا ڕوو لەم مەسەلەیە ئەنێن. ئەوە کۆمەڵگاو سیستمی ژیانو بەڕێوەبردنی کۆمەڵە کە بەرپرسە. کۆمەڵگا "نەخۆشە" بۆیە وا لەو ئینسانانە ئەکات. کۆمەڵگایەك کە جێگەو ڕێگەی ئینسان تیایدا بێبایەخە لەچاو کەڵەکەبوونی پولو سەرمایەدا، خۆی کۆمەڵگەیەکی ئاوەژووەو لەسەر پێی خۆی نەماوە. ئەگەر ماشێنی سەرمایەو سەرمایە گوزاری کۆمەڵگای هاوچەرخی ئێستا لە لایەك پێویستی بە سازدانی جەنگە گەورەکانو سووتانی لاشەی ملیۆنەها ئینسان هەیە، بەشێکی زۆری ژنانی لەسەرتاسەری جیهاندا ناچار بە فرۆشتنی لەشیان کردووە، بازرگانی بە مناڵانو پارچەکانی لەشی ئینسانەوە ئەکرێو سەدان نەخۆشیو موسیبەتی بەرهەم هێناوە، ئەوا بێهۆشکردنی ئینسانەکانیش لایەکی تری ژیانی بەشەریەت پێك ئەهێنێ. مادەی بێهۆشکەر بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەمڕۆ بۆ سەرمایەدارانو بازرگانان بۆتە باشترین ڕێگەی سوودو قازانج. ساڵانە چەندین تەن بەرهەم ئەهێننو لە وواڵاتانی ئەفغانستان (کە بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان ساڵی پار ٪90ی ڕێژەی ئەفیونو هیرۆیینی جیهان لەوێ بەرهەم هاتووە) و کۆلۆمبیاوە ڕەوانەی ووڵاتانی تری ئەکەن.

لە کوردستانیش، وەك هەر کۆمەڵگایەکی تری بۆرژوازی، ئەم مەسەلەیە وایە بەڵام دیارە ڕێژەی بازرگانییەکەی بەراورد ناکرێ بەو ووڵاتە گەورانەی تر. لێرە لاوان لە مافو ئازادییەکانیان بەهرەمەند نین، ژیانیان دەستەبەر نییە، خولیاکانیان ئەکرێتە قوربانی کۆنەپەرستیو دواکەوتوویی کۆمەڵگا. کام لە لاوان نین کاتێك خوێندن تەواو ئەکەن (ئەگەر شانسی ئەوەیان هەبێت ئەوەی خوازیاری دڵیانە بیخوێنن)، خەمی ئەوەیان نەبێ کە لە کوێ کاریان دەست ئەکەوێتو ئەتوانن چی بکەن، بێ ئەوەی مل بدەن بە حزبە دەسەڵاتدارەکانو ئیمزاو تەئیدی حزبەکەی ئەوان بهێنن؟! خۆ یان ئەبێ ئەوەی دەسەڵاتدار ئەیەوێ قبوڵی بکەن یان ئەبێ ئینسانی خامۆشو "بێوەی" بنو دەست بۆ ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی ئەوان نەبەن. کێ ئەتوانێ ئازادانە عیشقو خۆشەویستی بکات؟! کام لاوەی کوردستان ئەتوانێ لەسەر شەقامەکان، وەك هاوتەمەنەکانی خۆی لە ووڵاتانی پێشکەوتوو، خۆشەویستەکەی خۆی ماچ بکات؟ بگرە لەسەر ئەمە چەندین کەس تووشی گرتنو سوکایەتی بۆتەوە لە لایەن پۆلیسو ئاسایشەوە. هەر بۆیە لە بێزاری خۆیاندا، سەرباری ئەوەی کە ئێستا باس لەوە ئەکرێ وەزعەکە باش بووە، بە لێشاو ووڵاتەکە جێ ئەهێڵنو ڕوو ئەکەنە هەندەران؟! ئەوانەشی کە پارەیان نییە دەربچن یان تەنانەت خانوویەك شك نابەن بیفرۆشن تا کوڕەکەیان بنێرنە دەرەوە، ئەبێ بمێننەوەو ئەو وەزعە قبوڵ بکەن. کەسانێکیش کە بەو سێ ڕێگایە ڕازی نینو بە داخەوە خەباتو ڕێگەی ڕزگاربوون لە موسیبەتەکانیان پەی پێ نەبردووە، یان ئەبنە کەسانێکی "عەبەسی"و بێباوەڕ بە هەرجۆرە ئاڵوگۆڕێك، یان شۆڕئەبنەوە بۆ نێو دنیای دینو خورافەو خواو بەهەشتی دنیایەکی ترو بەشێکیشیان ئەبنە خۆراکی تاقمی تیرۆریستی ئیسلامی، یان خۆیان سڕو بێهۆش ئەکەن. ئیتر هیرۆیینو ئەفیونو حەشیش گیرفانی خاڵییان هێندەی تر

هەڵئەتەكێنن‌و وەك ماری سڕبوو ئەكەونە ویزەی گیان‌و ژیانی ناسكیان‌و لە مەرگێكی شێنەیی كۆمەڵایەتیدا ڕایانئەگرن. ڕاستی‌یەكەی ئەوانە ئینسانی تاوانبار نین‌و نابێ كۆمەڵگا بەوجۆرە مامەڵەیان لەگەڵ بكات. ئەوانە ئینسانی ڕێزدارن‌و نابێ بەهیچ جۆرێك سوكایەتی‌یان پێ بكرێ. بێجگە لەو سێ ڕێگەیە ڕێگەی تریش هەیە. ئەوانیش وەك كرێكاران، بێكاران‌و دەستفرۆشان، لاوان‌و ژنان، مامۆستایان‌و خوێندكارانی بێبەش، ژنانی ناچاركراو بە لەشفرۆشی... ئەبێ لە خەباتدا بۆ گۆڕینی ئەم كۆمەڵگایە بەشدار بكرێن.

لە ڕوانگەی ئێمە كۆمۆنیستەكانەوە ئەبێ ئەو كەسانە بگەڕێنرێنەوە بۆ باری ئاسایی‌یان‌و بچنەوە نێو چالاكی‌یەكانی كۆمەڵگا. بۆ ڕۆشنایی زیاتر لەسەر ڕوانگەی كۆمۆنیستی ئێمە لەسەر ئەم مەسەلەیە، بە پێویستم زانی لەم بابەتەدا جارێكی تر ئەو بەندەی بەرنامەی "دنیایەكی باشتر" بەرنامەی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق كە تایبەت بەم مەسەلەیەیە بهێنمەوە بەرچاو. بەو هیوایەی هەم چاوی كۆمەڵگا بەرامبەر بەم كەسانە زیاتر بكاتەوە كە ناچار كراون مادەی بێهۆشكەر بەكاربهێنن‌و هەمیش دەسەڵاتدار ناچار بكەین كە قاچاخچی ماددەی بێهۆشكەر لە بەكارهێنەری ئەو ماددانە جیا بكاتەوە.

"خەبات لە دژی ئالودەبوون‌و تەهریبی مادده بێهۆشكەرەكان

قەدەغەكردنی بی ئەملاو ئەولای كڕین‌و فرۆشتنی مادده بێهۆشكەرەكان‌و تاقیبكردن‌و سزادانی توندو لێبڕاوانەی ئەوانەی دەبنە هۆی بەرهەمهێنان‌و تەهریب‌و فرۆشتنی غەیرە یاسایی مادده بێهۆشكەرەكان.

كۆمەك بە مەسەلەی خەبات لەدژی ئالودەبوون لەڕێگای لەناوبردنی زەمینە كۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌یەكانی ڕووهێنانی تاكەكان بۆ بەكارهێنانی مادده بێهۆشكەرەكان‌و پشتیوانی لە ئالودەبووان لەبەرامبەر دەلاڵ‌و تۆڕەكانی تەهریب‌و فرۆشتنی مادده بێهۆشكەرەكاندا.

غەیرە جینایی كردنی ژیانی ئالودەبووان‌و یارمەتی دانیان بۆ وازهێنان لە ئالودەبوون لە ڕێگەی:

پێكهێنانی كلینیكی دەوڵەتیی تایبەت كە لە حاڵەتی ئامادەیی نیشاندانی ئالودەبووان بۆ بەشداریكردن لە خولەكانی وازهێنان لە ئالودەبووانـدا، پێویستی‌یەكانیان لە مادده بێهۆشكەرەكان بۆ دابین دەكەن.

ڕێگەدان بە هەڵگرتنی بڕێك ماددەی بێهۆشكەری دیاریكراو بە ئەندازەی پێویستی شەخسی. فەراهەمكردنی بەخۆڕایی سرنج‌و ئەمپول بۆ هەموو ئەوانەی كە خوازیارین لە ڕێگەی دەرمانگەكانەوە بەمەبەستی پاراستنی ئالودەبووان لە نەخۆشی‌یەكانی وەك ئایدز، هیپیتایت‌و...تادو كۆمەك كردن بە كۆنترۆڵكردنی مەوادی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیانە.

قەدەغەكردنی هەرجۆرە دوورخستنەوە، زیندانی كردن‌و دابڕینێكی ئالودەبووان لە كۆمەڵگا تەنها لەبەر ئالودەبوونیان. ئالودەبوون بە مادده بێهۆشكەرەكان خۆی لە خۆیدا تاوان نی‌یە." **

* هەواڵەكەو ووتەكانی سەرچاوەكەی ئاسایش لەگەڵ وێنەكە لە ماڵپەڕی پەیامنێر لە ڕۆژی 2005/05/26 وەرگیراوە.

** "دنیایەكی باشتر" بەرنامەی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق، چاپی دووەمی تشرینی دووەمی 2001 لاپەڕە 53.